## یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (١٩٩٩)ی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ١٠**
**مێژووی بڕیار:١٩/٤/٢٠٠٠**

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بە پێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩/٤/٢٠٠٠یدا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا.

### یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی «٢٠٠٠»
### یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (١٩٩٩)ی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی هەشتەمی یاساکە هەموار بکرێ، بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

١ــــ دەستەی گشتی لە هەموو ئەندامانی سەندیکا، یا بریکارەکان، کە بەپێی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە پێکدێت. ئەم دەستە گشتی یەش بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکاکە دادەنرێ و، هەر ٣ (سێ) ساڵیش، جارێ، لە مانگی کانوونی دووەمدا، کۆبوونەوەی گشتیی ئاسایی خۆی لە بارەگای سەندیکاکەدا، بە بڕیارێکی ئەنجومەن و لەسەر

داواکردنی سەرۆکی سەندیکا (نەقیب) دەگیرێ و، لەو کۆبوونەوەیەدا، سەرۆکی سەندیکا و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگیش، بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەن وئەندامانی لیژنەی (ئینزیبات) هەڵدەبژێرێ و، (نصاب)یش بە ئامادەبوونی دوو لەسێی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتە جێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، لەو بارەدا، دوای تێپەڕبوونی پازدە رۆژ بەسەر کۆبوونەوەی یەکەمدا، هەڵبژاردن لە هەمان کات و جێگەدا ئەنجام دەدرێ و (نصاب)یش بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتە جێ و ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، ئەنجومەنی پێشتر، بۆ خولێکی دیکەش بەردەوام دەبێت.

٢- ئەگەر هات و، ژمارەی ئەندامانی سەندیکا لە (٥٠٠) ئەندام زیاتر بوو، ئەوا هەڵبژاردنەکە لە رێگەی بریکارەکانەوە ئەنجام دەدرێ و، رێژەی نواندنیش لە لایەن ئەنجومەن یا ئەوەی کە فرمانی هەڵدەسوورێنێ، بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکەشەوە، دیاری دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە، لە رۆژی بڕیار لەسەردانییەوە دەخرێتە کارو، لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**